# سترانبێژا ناڤدار گولبهار:
# ما کێ پرسیارا من دکر، دابزانیت ئەز ل کێڤەبووم؟

**گولبهار ناڤەکێ گەشە دناڤ سترانا کوردیدا وشیایە تایبەتمەندیەکێ بۆ خۆ پەیدا بکەت، ل سپێدەهیان مرۆڤ حەز دکەت دگەل ئاواز و دەنگێ وێ یێ رەسەن ل ناڤ دول و نهال و چیایێن کوردستانێ بگەرپێت. گولبهار بەری ببیتە سترانبێژەکا ناڤدار، هونەرمەندەکا چەلەنگ بوویە دوارێ زارڤەکرنێدا و خودان بەرهەمە.**

**بۆ پێتر نیاسینا گولبهارێ، ژ نێزیک گوهداریا سوحبەت و بزاڤێن وێ بکەین، مە چاڤ پێ کەفت و ئەڤ دیدارە دگەل دا هاتە کرن، ل بازێرێ دهۆکێ ل دەمێ ب چاڤدێریا وێ پێشانگەهەکا گولان یا کارێن دەستی بۆ هونەرمەندەکا کچ هاتیە ڤەکرن و ب هەڤکاری دگەل رۆژنامەنڤیس عەبدولعەزیز بارزانی.**

* گولبهار دێ چەوان خو دەتە نیاسین؟

– گولبهار کوردە و ئەز ئامێدی مە، ئەز یا ل مویسل و بەغدا مەزن بویم و ژیانا خو من پتر ل بەغدا بۆراندی یە. ئەز د مالدا یا ناڤێ مە و ب سالا ١٩٣٢ێ ل کوردستانا ترکیا ل گوندەکێ ناڤێ وی (کۆچانز) وی دەمی مالامە چوو بوونە ترکیا، ئەزا ل مالا مەلیکێ ئاشووریان ل وی گوندی ژ دایک بوویم. لدویڤ نفووسێ، هندەک جاران بوونا من کری یە سالا (١٩٢٨)ێ. بەلێ ئەز دبێژم (١٩٣٢)یە.

* دەستپێکا تە یا هونەری کەنگی بوو؟

– ل سالا (١٩٤٩)ێ، ئەز ل ئێزگێ بەغدا یێ عەرەبی بووم. من دتیپا کورالی دا کارکری یە. هونەرمەندەک د گۆتنێ شێخ عەلی دەرویش سەیدایێ پەیمانگەهێ بوو ژ سووریێ هاتبوو، وی ئەو تیپا مۆسیقێ چێکر و سترانێن (موشحات أندلسیە) مە دگۆتن.

* د مالا وەدا، ژبلی تە کەسەکی دی هەبوویە ستران گۆتبن یان هونەرمەند بیت؟

– نەخێر.

* بەری سترانان، دوارێ شانۆیێ دا تە کار کری یە، کەنگی بوو، چ کاربوون؟

– ل دەستپێکێ دگەل تیپا (یەحیا فایق)ی من کارکری یە. ناڤێن هەمیان ل بیرا من نینن، لێ دنڤیسی نە. من ل سەر دەپێ شانۆیێ کارکری یە و زارڤەکرن ل تەلەفزیۆنا بەغدا من پشکداری لێ هەبوینە.

* ئەڤە بۆ سالا چەندێ دزڤریت؟

– ل سالا (١٩٥٠)ێ و هەتا پشتی سالا (١٩٦٠)ێ، دگەل تیپا (١٤ی تەمموزێ) ژی من کار کری یە.

* د چەند شانۆگەریاندا پشکدار بوویی؟

– گەلەکن.. گەلەک.. ناهێنە بیرا من.



* پشتی شانۆیێ.. دفلمێن سینەمایی دا ژی پشکداریێن تە هەنە..؟

– د دوو فیلمان دا من پشکداری کرییە کو فیلمێن درێژێن سینەمایی نە، یێ ئێکێ ناڤێ وی (وردة) بوو، یێ دووێ ژی (عروس الفرات)ە.

* رۆلێ سەرەکی بوو، یان رۆلەکێ کومبارس بوویە؟

– نەوەڵڵا رۆلێ دوویێ بوو، یێ لاوەکی بوو.

* دەستپێکا گۆتنا سترانێ و سالێن شێستاندا، بۆ کچێ بتایبەت و ب رەنگەکێ گشتی ژی ب گونەح دهاتە هژمارتن...؟

– تو راست دبێژی، هینگێ وەسان تێدگەهشتن.

* دەنگێ کچێ هینگێ گەلەکێ کێم بوو؟

– دناڤ کوردان دا هەتا نهۆژی یێ دکێمن.

* تۆ نابینی وی دەمی سترانبێژێن ژن و کچ پتر بوون؟

– نە.. نە، نهو پترن.

* سترانبێژێن وی دەمی ژن و کچ کی بوون؟

– بەری مە (مریەم خان) هەبوو، وەختێ مە ژی (ئەلماس محەمەد)، گولیزار، فەوزیا محەمەد– ئەڤە خویشکا منە– نەسرین شێروانی.

* کەنگی (فەوزیا) یێ وەغەرکری یە؟

– ل سالا (١٩٩٢)ێ بوو. وەغەرکرنەکا بێ دەنگ، چونکە پشتی شویکری، دەست ژ سترانێ بەردا.

* ئەز دبێژم هونەرمەندا ناڤدارا عیراقی (غزوة الخالدي) کچا وێ یە؟!

– بەلێ ئەو هونەرمەندە.

* گولبەهار و ستران گۆتن، ئێکەمین ستران کەنگی تە گۆتیە، پەیڤ و ئاوازێن کێ بووینە؟

– سترانا ئێکێ من تۆمارکری ل ئێزگێ کوردی ل بەغدا، سترانا (کۆڕی گوندی بەژن داریێ حەیزەران) بوو، ژ پەیڤێن سەیدا یێ ڕەحمەتی محەمەد ئەمین ئۆسمان بوون، هینگێ ئەو ڕێڤەبەرێ ئێزگەی بوو ل سالا (١٩٦٣)ێ.

* سترانبێژێن وی دەمی و یێن نوکە، چ جۆداهی دناڤبەرا واندا هەیە؟

– ب خودێ گەلەک جۆداهی یا هەی، ئەڤە ڕەئیا منە، یا ئێکێ ئێزگە مرۆڤی دکەتە سترانبێژ، هونەرمەندێن مۆسیقێ مرۆڤ دکەنە سترانبێژ، شاعرێن من سترانێن وان گۆتین، ئەو ب خۆ شیعرێن وان ژی د بەرکەتینە و هەژی هندێ بوون مرۆڤ بکەتە ستران. نوکە هەچییێ دهێت– هەکە ل من سل ژی نەبن– هەما بۆ خۆ دوو سێ قەسەکا دێ بێژیت و دێ چیت.

* سترانبێژێن نوکە ب دیتنا تە د چ ئاست دانە و چەوان د هەلسەنگینی؟

– دەنگ د خۆشن، دەنگێن هەین د خۆشن، بەس ئەز ڕەئیا خۆ نابێژم.

* بۆچی سترانا فولکلۆری ئەڤا نوکە دهێتە گۆتن، پتر جەماوەرێ خۆ هەیە؟

– نێ نەدیتی یە، نە گولێ بوویە، حەقێ وانە، ئەم ب خۆ ژی، مە ژی فۆلکلۆری یا دەست پێکری.

* بۆچی پتر ڕۆلێ خۆ دبینیت؟

– ئەز ژی دبێژم بۆچی؟

* گولبەهار وەک سترانبێژەکا خودان دیرۆک، چەند ستران تۆمار کرینە؟

– (٢٧٠) ستران من یێن تۆمار کرین.

* تا چ ڕادە تو یا ژ بەرهەمێن خۆ ڕازی؟

– ئەزا ڕازی مە، چونکو من خۆ دیتییە ئەزا ب تنێ مە، ئەزا ژ خۆ ڕازی مە.

* سترانا دوماهیێ تە گۆتی و تۆمار کری چ بوویە؟

– ل سالا (١٩٨٥)ێ بوو، سترانا (دلۆ دلۆ تە ئەز هێلام) د گەل هونەرمەند (سەمیر زاخۆیی) بوو ژ هوزانێن د. بەدرخان سندی یە.

* بۆچی سترانێن گولبەهارێ د ڕادیۆ و تێلەفزیۆنێن مەدا دکێمن یان ژی نینن؟

– چونکی سترانێن مە نەیێن مەبوون، یێن ئێزگەی بوون، ژ بەر هندێ کەسەکێ تۆمار نەدکرن و هەمی ل ئێزگەی ماینە.

* هەتا بەری چەند سالان، دەنگ و باسێن تە نەبوون، بۆچی؟

– ما کێ پرسیارا من دکر دا بزانن ئەز ل کیڤە مە!!

* ئانکۆیا وێ دەزگەهێن مەیێن هونەری و ڕاگەهاندنێ خەمساری کری یە؟



– (ئەکید).

* ل وی دەمی پویتە ب هونەرێ کوردی دهاتەدان؟

– هونەرێ کوردی ل وێرێ، کەسەکێ پویتە پێ نەدکر.

* ژبلی تە ب تنێ گەلەک ستران تۆمار کرینە، ب دوو قولی ژی تە ستران دگەل سترانبێژێن دیتر هەنە..؟

– ژبەر کو ئەز هەر ل بەغدا بووم و پتر دهاتنە وێرێ ستران تۆمار دکرن. من دگەل سەمیر زاخۆیی، عەبدوللا زێرین، عیسا بەرواری و محەمەد عارفی جزیری و گەلەکێن دی ستران گۆتینە.

* ل بەغدا کوردێن ل وێرێ چەوان وەردگرت؟

– ب دلێ وان بوو، گەلەک یا باش بوو.

* هوزانڤانێ نەمر (سەبری بۆتانی) د شعرێن خۆدا گەلەک بەحسێ گولبەهارێ دکەت، هەڤبەندیا وە د گەلێک دا هەبوو؟

– ئەوی گوهداریا دەنگێ من دکر، نە من ئەو دیت بوو، نە وی ئەز دیت بووم.

* چ هوزانێن وی تە کرینە ستران؟

– بەلێ، وەللا من یێن کرینە ستران، بەس ل بیرا من نەماینە!! (هۆزانا: ژ جەرگا گولێ– دیوان دلستان/بپ ٢٣/ ئیسماعیل بادی).

* ژ هونەرمەندێن گەلەک ئاواز داینە تە کی بوون؟

– (ئەحمەد خەلیل) و (جەمال جەلال) و بارا پتر (ئەحمەد خەلیل) بوو، ئەو ژی کوردە.

* بەس ئەگەر چ بوون وەک کورد نەهاتە نیاسین؟

– ئەوی ژی نەدزانی، ژمێژە ل بەغدا، کەس نەبوو بێژیتی، من گۆتێ ئەو ئاوازێن کوردی دانیت.

* دەمێ کارێ تە ل ڕادیۆیێ، تە پشکداری د تەمسیلی یێن زارڤەکرنێ دا دکر؟

– بەلێ، ب کوردی و ب عەرەبی.

* دەقێ وان یێن کوردی بوون، هاتبوونە وەرگێران. پشتی من ل تیپا (١٤ی تەمووز) کارکری، مەیێن عیراقی ژی چێکرن.

– ل بەغدا، وە هونەرمەند و سترانبێژێن کورد ل کیڤە ئێک و دوو و دیت؟

– مە ئێک و دوو ل ئێزگەی ددیت.

* بۆ ئێکەمین جار گولبەهارێ ل بەرامبەر جەماوەری ستران گۆتی؟

– ١١ێ ئاداری بوو سالا (١٩٧٠)ێ لە بەغدا و هەتا کوردستانێ هەمییێ و ل ژێریا عیراقی ژی.

* وەک کچەکا کورد تە چەوان خۆ ددیت..؟

– ب خودێ من خۆ دیت، سەرێ من یێ بلند، ئەز هەر ب جلکێن کوردی ژی دەردکەفتم.

* هونەرمەندێن کورد، گەلەک جاران دچوونە ژ دەرڤەی عیراقێ، پشکداری تە هەبوینە؟

– ل سالا (١٩٧٣)ێ من سەرەدانا لوبنانێ کر، ل بەیروتێ د گەل رەحمەتی (عیسا بەرواری) و (محەمەد عارفێ جزیری)، ئەم چووین و چ جارا ئەز وێ ئاهەنگێ ژ بیر ناکەم.

* پشتی هینگێ؟

– سالا (١٩٧٧-١٩٧٨)ێ، ئەم چووینە لەندەن و ڤییەنا و فەرەنسا. جارەکا دیژی ئەز و عیسا بەرواری چووین و تیپا کەلەپوورێ مللی دگەل مەدا بوو ئەڤا عیراقی.

* هونەرمەندێن عیراقی، ئەڤێن دگەل وەدا دهاتن، نەخۆشی بۆ وە پەیدا نەکرن کو دەرفەتێ نەدەنە وە پشکدارێ بکەن؟

– نەء، ئەو کارێت هەین، بەس ما من چ کار پێ یە، یا گرنگ ئەم دچووین و مە کارێ خۆ دکر.

* نوکە هژمارەکا ئێجکار زۆر یا سترانبێژان هەیە، تە چ شیرەت بۆ هەنە؟

– ئەز دبێژمێ هۆزانێن جوان بێژن و رێکێ نەبەردەن و نەهەما بچن دوو- سێ سترانا وێنە بکەن بۆ تێلەفزیۆنێ و بەس، ئەڤە خەلەتە، هندی ئەز بێژم، دڤێت ئەز دگەل واندا روینم و دگەلدا باخڤم.

* درێکا ڤێ دیدارێدا، ئەڤێن تو نەبینی، بۆ وان چ دبێژی؟

– هەچییێ شیان هەبیت و دەنگ خوش بیت، بلا دەنگێ خۆ نەڤەشێریت.

* بەری تو سترانا بێژی.. تو عاشقا دەنگێ کێ بووی؟

– دوی وەختی دا من گەلەک حەز ژ دەنگێ (مریەم خانێ) دکر، ئەز عاشقا دەنگێ (محەمەد عارفێ جزیری) بووم.

* بۆ دەستپێکا تەیا هونەری، مالاوە رێگرنەبووینە؟

– نە.. ئەز تشتێن تایبەتمەند نا ئاخڤم.

* وەک خواندن... گولبەهارێ چ خواندی یە؟

– ئەزا چوویمە خواندنگەهێ پیچەک، نەگەلەک.

* ل وی دەمێ وە ستران دگۆتن، بەرامبەر هندێ ئێزگەی چ ددا هەوە؟

– چ نەددامە، تو نابینی ئەم هەمی فەقیرین و هەمی ب فەقیری مرن، هەڤالێن مە ژی تشتەکێ کێم ددامە.

* ئانکۆ تێرا مەزاختییێ سترانبێژی نەدکر؟

– تێرا نەدکر، ئەوا ددایێ، بۆ نموونە (ئەحمەد خەلیل، ئاوازدانەر بوو یێ عەرەبی، ژ هەمیان پێشکەفتی تر بوو، دا (٣٠) دیناران دەنێ، یێن مە کورد، (١٥٠٠) فلس ددانێ، هینگێ یا وەسا بوو.

* ئانکۆ جۆداهی دناڤبەرا وەدا دکر؟

– یا دیار بوو، ما وەسا نەیا دیارە!!

* وەک راتب نە ددانە هەوە؟

– بەلێ هەر ل سالا (١٩٤٩)ێ ئەز یا ل وێرێ دامەزراندی بووم. ژ بەر ستران گۆتنێ و هندەک جاران نەدهێلا سترانەکێ بێژم، دا سل بم، پاشی دا زڤرمەڤە هەکو دهێلا.

* چەوان..

– وەختێ وەحید بامەرنی.. جارەکێ سەرا شیعرەکا (حافز مایی) بوو، گۆت (مەمنوعە) توبێژی، ژ ئاوازێن (ئەحمەد خەلیل)ی بوون. ئەز ژی دابێژمێ یان دێ بێژم، یان ب خاترا هەوە.

* هەر کورد رێگر بووینە؟

– بەلێ پا کی بوو؟!

* چەوا عەرەبا (فەیروز) هەیە و هەمی سپێدەهیان خەلک گوهداریا وێ دکەن، زۆربەی سپێدەهیان مە گوهداریا دەنگێ تە دکر ل ئێزگێ کوردی ل بەغدا، نوکە تو ب (فەیروزا کوردا) یا بناڤ کری؟

– ئەڤە سەر بلنداهیە بۆ من، دەنگێ فەیروزێ گەلەکێ خۆشە.

* تۆ پێ تورە نابی؟

– نە ئەڤە من پێ فەخرە، (فەیروز) هونەرمەندەکا ناڤدارە و دەنگ خۆشە و ئەز ب خو ژی گەلەک حەز ژ دەنگێ وێ دکەم.

* سترانێن تە دگۆتن، هۆزانێن وان چەوان بۆتە دهاتن؟

–شاعران دئینان، بەس دا کێماسیا بێژین یان تشتەکێ زێدەبا.

* ژ شاعرێن تە هۆزانێن وان کرینە ستران؟

– وی وەختی هەما کەس نەبوو ژ (حافز مایی) پێڤەتر، پاشی (فەیسەڵ مستەفا) ژی هات و من کێم یێن بۆ گۆتین. یێن د. بەدرخان سندی ژی من کرینە ستران.

* سەبری بۆتانی؟

– خودێ ژی رازی بیت، جارەکێ، ئێک دوو جار ل

دوماهيێ من يێ ديتى.
* جگەر خوێن؟
– هۆزانەكا وى من يا گوتى، بەس ناڤێ وێ ناهێتە بيرا من.
* ئەو سترانێن تەو (عەبدوللا زيرين)ى پێكڤە گوتين، پەيڤ و ئاوازێن كێنە؟
– ئەز دبێژم پەيڤێن د. بەدرخان سندى نە و ئاواز ژى يێن عەبدوڵلاى و فۆلكلۆرينە.
* ئەڤ پەيڤە ل نک تە چ دگەهينن؟ وەلات؟
– وەلات دايک و بابە.
* دايک؟
– ئەو ژى وەلاتە.
* زارۆک؟
– دلە، گولە.
* خيانەت؟
–چ ژ هندێ خراپتر نينە، هەمى كار بلا، ئللا خيانەت.
* ستران و موسيقە؟
– ژينە.
* فيستەڤالا رێزگرتنێ بۆ خزمەتا تە هاتيە گێران ژلايێ رێڤەبەريا رەوشەنبيرى و هونەرى ل دهۆكێ... تە چ پەيڤ بۆ هەيە؟
– چ بێژم، مانێ هەكو جارا دبێژن، ئەز ژى هيڤيدارا ڤێ رۆژێ بووم. بۆ وان ژى هندى بێژم ژى كێمە ب حەقێ وان.
* پەيڤا دوماهيێ..؟
– سوپاسدارا هەوەمە، ب ئانەهيا خودێ هوين ژى دێ رێكا ئايندەى ڤەكەن. د سەركەفتى بن د ژيان و كارێ خۆدا.

**ئا: ئيسماعيل بادى**
**(دهۆک)**

# ڕاپۆرتێک سەبارەت بە دووەمین فیستیڤاڵی مۆزیکی کوردی لە سلێمانی

لە ژێر دروشمی «ڕووەو هونەرێکی کوردی ڕەسەن و هاوچەرخ» لە ڕۆژانی (٢٤ – ٢٠٠٥/٢/٢٨) لە هۆڵی سلێمانی سەنتەری گەنجان، دووەمین فیستیڤاڵی مۆزیکی کوردی لەلایەن «یەکێتی هونەرمەندان»ەوە سازکرا، ئەوەی ئەم فیستیڤاڵە مۆزیکییەی لە زۆرێک لە فیستیڤاڵە هونەرییەکانی تر جیا دەکردەوە، بەشداریی تیپە هونەرییەکان بوو لە سەرتاسەری کوردستان و لە زاخۆی دەلالەوە بۆ شارەزوور و هەڵەبجەی جوان.
ژمارەی تیپە بەشداربووەکانیش (١٥) تیپی هونەری بوون، کە بریتی بوون لە: «تیپی مۆزیکی هونەرە میللییەکانی هەولێر، تیپی مۆزیکی گەنجانی زاخۆ، تیپی مۆزیکی سلێمانی، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد مەڵبەندی گشتی، گرووپی نالی، تیپی مۆزیکی دەربەندیخان، تیپی مۆزیکی شاکار، تیپی مۆزیکی باواجی، تیپی مۆزیکی شارەزوور، تیپی مۆزیکی شۆڕشڤان، تیپی مۆزیکی سیلاڤ، تیپی مۆزیکی کەرکووک، تیپی مۆزیکی مەولەوی، گرووپی سەهەند، تیپی مۆزیکی شنروێ».
پرۆگرامی فیستیڤاڵ دابەشکرابوو بەسەر پێنج ڕۆژدا، بەم شێوەیە:

**ڕۆژی یەکەم:**
تیپی مۆزیکی هونەرە میللییەکانی هەولێر بەرهەمەکانیان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە: سێ گۆرانی بە ناوی (خۆشەویستم، مەمرەنجێنە، بێنە دڵ) کە ئەم سێ بەرهەمە لە لایەن گۆرانیبێژان «جەلال سەعید و شێرزاد ئەحمەد و خۆشەوی عەزیز»ەوە گوتران. دواتر تیپی مۆزیکی گەنجانی زاخۆ و تیپی مۆزیکی شنروێی هەڵەبجەی شەهیدیش بەرهەمەکانیان پێشکەش کرد، ئەوانەی زاخۆ چوار گۆرانی لە خۆ گرتبوو کە بریتی بوون لە «گۆرانی دونیا بو بهار، ماهوین نزانن، گەلیێ زیلان، بیرکێ». ئەوانەی تیپی مۆزیکی شنروێش بریتی بوون لە «سێ چریکە و سۆزی شارەزوور، وێسگەی ژیان، باخی ژین، کزەی شەماڵ».

**ڕۆژی دووەم:**
چالاکییەکانی دووەمین ڕۆژ لە کاتژمێر (٤)ی پاش نیوەڕۆ دەستی پێکرد و سێ تیپ بەرهەمیان پێشکەش کرد، ئەوانیش کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد مەڵبەندی گشتی، تیپی مۆزیکی شۆڕشڤان و تیپی مۆزیکی دەربەندیخان بوون.
بەرهەمەکانی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان سێ گۆرانی بوون بە دەنگی هونەرمەندان (ئیسماعیل سابووری و دانا مستەفا) گوتران، گۆرانییەکانی دەربەندیخانیش بە دەنگی (هونەر عەلی و ئەدیب وەهاب و دڵشاد لەتیف و ڕێبوار مەولوود) گوتران.
تیپی شۆڕشڤان چەند گۆرانییەکی ناوازەیان پێشکەش کرد کە خرۆشی هۆڵەکەی زیاتر تاودا.

**ڕۆژی سێیەم:**
لە ڕۆژی سێیەمدا تیپی مۆزیکی باواجی وەک تیپێکی دێرین و بە ئەزموونی شاری خاڵە تاهیر سێ گۆرانی جوان و قەشەنگیان پێشکەش کرد بە دەنگی

هونەرمەندان (سەلاح محەمەد و شێواز فریاد و ماردین کەمال).
دوابەدوای ئەمانیش کورانی شاری بابەگوڕگوڕ تیپی مۆزیکی کەرکووک چەند گۆرانییەکیان پێشکەش کرد، لەوانە: «شارەکەم، ڕۆژان، وا ئەمشەو، لەگەڵ مەقامێکی ئەڵلاوەیسی و بەستەیەک».
پاش ئەمانیش گرووپی نالی وەک گرووپێکی زۆر چالاکی فیستیڤاڵ دوو گۆرانی و پارچە مۆزیکێکیان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە: مۆزیکی بە لەرزانە، ئامادەکردن و پێشکەش کردنی هەڵبەست سەلاح، گۆرانی نیگا گوتنی: دیار بەرزنجی و گۆرانی نازدارە و نازەنینم گوتنی شوان قەرەداغی.

**ڕۆژی چوارەم:**

بەرنامەی ئەم ڕۆژەش بریتی بوون لە: گرووپی سەهەند، ئەمانیش سێ پارچە مۆزیکیان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە: «مۆزیکی بریا، مۆزیکی ڕۆبارۆ، مۆزیکی ڕاز». دواتر تیپی مۆزیکی مەولەوی چەند بەرهەمێکیان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە پارچە مۆزیکێک و دوو گۆرانی، دوابەدوای ئەمانیش سێ گۆرانیان پێشکەش کرد بە دەنگی هونەرمەندان «شەماڵ ڕەشید و کاروان مەحمود».

**ڕۆژی پێنجەم:**

لەم ڕۆژەدا کە دوا ڕۆژی فیستیڤاڵ بوو، جگە لە دابەشکردنی خەڵات و وتەی بەرپرسانی حکوومی و حزبی و هەڵسوورێنەرانی فیستیڤاڵ هەر یەک لە تیپی مۆزیکی سلێمانی و گرووپی مۆزیکی شاکار و تیپی مۆزیکی سێلاڤ بەرهەمیان پێشکەش کرد و بە وتاری هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی کۆتایی بەم فیستیڤاڵە هات و خەڵات بەسەر سەرجەم تیپە بەشداربووەکاندا دابەش کرا. بە شێوەیەکی گشتی ئەم فیستیڤاڵە لە ماوەی ئەم پێنج ڕۆژەدا بووە سەکۆیەکی بەرفراوان بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم هونەرمەندانی کوردستان.

**کاروان حەسەن**
**(سلێمانی)**




## نەدیم ئادۆ
## لە پێشانگەیەکی فۆتۆگرافیدا

ئەمڕۆ هونەری فۆتۆگرافی لەوە دەرچووە تەنیا گرتنی چەند گرتەیەکی ساتەوەختی بێت، بەڵکو فۆتۆگراف لە زۆر حاڵەتدا کاریگەرییەکانی بۆ سەر بینەر لە زۆر هونەر و لایەنی تر خێراتر و کاریگەرترە، بە شێوازێک زۆر جار گوزارشت لەم هونەرەدا سەرنجڕاکێشترە لە هونەری شێوەکاری، چونکە وێنەکانی لە واقیع و لە ژیانەوە نزیکترن، بەدەر لەمەش تەکنیک لەم هونەرەدا گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر باڵا، بە جۆرێک ئێستا چەندین ڕێباز و ستایل هەیە کە هەریەکەیان بۆ خۆی تایبەتمەندی فۆرمی جیاوازی هەیە و هەمووشیان دەچنە خانەیەکەوە پێی دەڵێن هونەری فۆتۆگراف، هەر ئەمەشە توانیویەتی زیندوویەتی بە فۆتۆگراف ببەخشێت.
لەم تێڕوانینانە و لە بەرواری (١٥/٣/٢٠٠٥) و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە هۆڵی گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی «نەدیم ئادۆ»ی فۆتۆگرافەر پێشانگەیەکی تایبەتی کردەوە، لەم پێشانگەیەدا و لە بینینی تابلۆکانی ئەودا هەستت بە قووڵی و تەماسێک دەکرد لەگەڵ ژیاندا، بە جۆرێک تاکە شتێک بووە جیاکەرەوەی نێوان ژیان و نەدیم تەنیا «کامێرا»کەی بوو، ئەو کامێرایەی کە بە چاو و ئیحساسی دنیایەک چرکەی ڕۆژگارە سەیروسەمەرەکان و ساتەکانی نێو ژیانی ئەو کۆمەڵگەیەی گرتووە کە هونەرمەندی تێدا ژیاوە.
ئەوەی لێرەدا مایەی هەڵوێستە لە سەر کردنە ئەو ئەزموونەیە کە هونەرمەند ڕۆح و دنیابینینی خۆی پێبەخشیوە، کە سەرجەم تابلۆ فۆتۆگرافییەکان بەبێ ڕتووش و دەسکاریکردنێکی موزەیەفانەی کۆمپیوتەر بوو، بەڵکو تەنیا تەکنەلۆژیا لەوەدا ڕۆڵی بینیوە کە کارەکە دوای بەرهەمهێنانی ئیحساسی هونەرمەند وەک خۆی بە بێ دەسکاری بشواتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هونەرێکە پڕ لە ئیحساس و ڕاستگۆیی و بەدەرە لە هەموو جۆرە فێڵێک لە هونەر و بەرهەمی هونەریی.
گەر تەنیا وێنەیەکی فۆتۆی ئەم هونەرمەندە وەرگرین و ئەم دەستەواژەیەی پێ بخوێنینەوە ئەوا دەتوانین لەو

وێنەیە ڕامێنین کە وێنەی عەرەبانەیەکی وشکە فرۆشە لە بازاڕێکی میللیدا و ئەو لە سەرەوە وێنەی گرتووە، ڕیتمی ئەم تابلۆیە پڕە لە ژیان و پڕە لە چرکە و وێنەی ژیانی ئاسایی خەڵک، ڕەنگە ئێمە هەموومان ئەم وێنەیە ببینین، بەڵام کەسمان وەک ئەم هونەرمەندە هەستی پێناکەین، ئەمەش دیارترین خاڵی هونەری ئەم هونەرمەندەیە.

نەدیم ئادۆ فۆتۆگرافەرێکی کوردی سووریایە و ساڵی (١٩٦٦) لە دایک بووە و تا ئێستا بەرهەمە فۆتۆگرافییەکانی لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیادا بڵاوبووەتەوە، لەوانە: فەرەنسا و لوبنان و هۆڵەندا و کوێت و سویسرا.

ئەمە جگە لەوەی چەندین پێشانگەی لە سووریا و دەرەوەی سووریاش کردووەتەوە و دوا پێشانگەشی لە ناوەندی ڕۆشنبیری ئەمریکی و ئیسپانی کردووەتەوە. ئێستاش ئەندامی یەکێتی وێنەگرانی ڕۆشنایی جیهانییە، کە ڕێکخراوێکی فۆتۆگرافی نێودەوڵەتییە.

**ئەردەڵان ساڵح**
**(سلێمانی)**




## نامیق حەمە لە دەیەمین پێشانگەی تایبەتییدا

نامیق حەمە شێوەکارێکی بە ئەزموون و بە سەلیقەیە، ماوەی زیاتر لە دە ساڵ دەبێت ڕێچکەیەکی تایبەتی بۆ خۆی گرتووە و بەشێوازێک زۆرجار لەگەڵ بینینی تابلۆکانیدا ڕاستەوخۆ بینەر هەست بە هەناسە و دنیابینینی ئەو دەکات، ڕەنگە ئەمەش لە خۆڕانەبێت هێندەی ئەوەی بینینی ئەوە بۆ هونەر.

زۆرجار کە باس لە ستایل و تایبەتمەندێتی دەکرێت لای هونەرمەند بەو شێوازە دەگوترێت کە هونەرمەند نەخشاندوویەتی بۆ کارکردنی خۆی، بەڵام لەم سۆنگەیەوە هەمیشە «نامیق حەمە» لەبەردەم ئەو پرسیارگەلەدایە کە بەردەوام لە گۆڕان تاقیکردنەوەی جۆراوجۆردایە، ئەمەش وای کردووە هونەرمەند لە هەر وەرزێکی هونەریدا ڕوویەکی دیاریکراوی هەبێت، بەڵام خاڵی سەرەکی لاو کارکردنێکی هونەرییانەیە.

گەر ئەم دەستەواژانە بۆ ئەزموونە سەرەتاییەکانی هونەرمەند گرنگی هەبووبێت و ڕەوابێت، ئەوا لە دوا ئەزموونیدا و لە «دەیەمین پێشانگەی تایبەتیدا» کە لە ڕۆژی (١٦/٣/٢٠٠٥) لە یادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا کردیەوە، ئەم خاڵە زیاتر چڕبووەتەوە و کاری لەسەرکراوە، ئەو ئەزموونەی هونەرمەند کە لەو یادەدا کردیەوە زیاتر لە مەساحەی تابلۆ و کۆنتراسی ڕەنگەکان و تەکنیکی هونەریدا دەخولایەوە، ئەمە جگە لەوەی فیگەری تابلۆکانی فیگەرێکی وەهمی بوون و زیاتر لە فۆرمێکی فەنتازی و نامەنووسدا دەسووڕانەوە.

لایەنێکی تری جیاوازیی ئەم جارە هونەرمەند هێندەی بە دووی تەکنیک و داهێنان کاریدا گەڕابوو، هێندە نەچووەتە وردەکاری فۆرم و سکێچی فیگەرەکان، لەکاتێکدا هونەرمەند لە ئەزموونەکانی ڕابردوو لە پێشانگەکانی تریدا زیاتر بەهۆی ڕەنگە گەش و شکڵە کوردییەکانی نێو تابلۆکانیدا بەدووی ناسنامەی کولتووریدا دەگەڕا، ئەمە جگە لەوەی ڕەنگەکانی پڕ بوون لەو ڕەنگە کوردییانەی کە بە ڕەنگی فۆلکلۆری ناسراون و لە کەرەستە دەسکردە فۆلکلۆرییەکاندا هەن.

وەک بینەرێک لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت هونەرمەند لەبەردەم ڕێچکەیەکی نوێی گۆڕاندایە، ڕەنگە ئەو گۆڕانە تەواو پێچەوانەی کارکردنەکانی ڕابوردووی بێت، بەڵام بە دڵنیاییشەوە ئەم گۆڕانەی هونەرمەند و لەنێو تابلۆکانیدا هەست بە دڵەڕاوکێ و ڕاڕاییەکی سەیر دەکەین، کە بە بڕوای من ئەم قەڵەقییە بنەمای سەرەکی داهێنانە.

ماوەتەوە بڵێین نامیق حەمە لە ساڵی (١٩٦٧) لە

هەڵەبجە لە دایک بووە و بەشی وێنەکێشانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی لە ساڵی (١٩٩١) تەواو کردووە.

لە ساڵی (١٩٩٥-٢٠٠٥) خاوەنی دە پێشانگەی تایبەتییە و، ئەمە جگە لەوەی بەشداری چەندین پێشانگەی هاوبەشی کردووە لە ئەمریکا و ژاپۆن و کۆریا و سوید و بەریتانیا و جگە لەم پێشانگایەش هەر دوو ساڵ لەمەوبەر پرۆژەیەکی هونەری بۆ هەڵەبجە کرد، پرۆژەکەش کارکردنی هونەری بوو لەسەر ئەو رۆکێتانەی کە هەڵەبجەی پێ بۆردوومان کرا. ئەم ئەزموونەشی ناوبانگێکی گەورەی پەیدا کرد، دیارترین ناوبانگ وەک پۆسکارت لەنێو پەرلەمانی بەریتانیا بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا دابەش کرا.

**هەردی عەلی**
**(سلێمانی)**



## مەریوان ئەبوزێد لە (وەرزەکانی حەسرەت لە غوربەت)دا

وەرزەکانی حەسرەت لە غوربەتدا ناوی ئەو پێشانگە هێڵکاریە بوو کە مەریوان ئەبوزێد لە رۆژی (٣/٣٠ تا ٤/١) لە گەلەری مۆزەخانە کردیەوە، ئەم پێشانگەیە کە (٢٣) تابلۆی هێڵکاری هونەرمەندی لەخۆ گرتبوو هەموویان شێوازێک لە هێڵکاری رەمزی و گوزارشتکارییان لەخۆ گرتبوو، رەنگدانەوەی ئەو هەستی غوربەتەیە کە لەناخی هەموو پەناهەندەیەکی کورددا هەیە بەتایبەتی توێژی هونەرمەندان و رۆشنبیران، کە ئەوان توێژێکن زیاتر هەست بەو غوربەتە دەکەن.

لەم سۆنگەیەوە لەگەڵ ئەوەی مەریوان خۆشی بەشی پەیکەرسازی تەواو کردووە و زیاتر لە کاری هێڵکاریدا وردەکار و بە سەلیقەیە بۆیە سەرجەم کارەکانی شکڵێک لە تایبەتمەندییان وەرگرتووە، کە خۆی لە تەقسێکی تایبەتمەندیدا دەبینێتەوە کە ئەویش ئەو هەستی غوربەتەیە کە لە ناخی هونەرمەندا هەیە.

مەریوان ئەبوزێد گەنجێکی شێوەکارە و دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانیە و ماوەی چەند ساڵێکە لە بەریتانیا دەژی و لە گەرانەوەیدا بۆ کوردستان ئەم پێشانگەیەی کردەوە، پێشانگەکە کە ماوەی سێ رۆژ بەردەوام بوو، کۆمەڵێک تابلۆی کێشابوو کە سەرجەم تابلۆکان قەبارەیەکی بچووکیان هەبوو بەماددەی (حیبری شین و رەش) لەسەر کاغەز دروستکرابوون.

کۆی گشتی کارکردنی هونەرمەند دەتوانین بڵێین لەناونیشانی پێشانگەکەیەوە هەڵێنجراوە، کە ئیشکردنی هونەرمەندە لەنێو کایەکانی غوربەت و ئەو حاڵەتە دەروونییانەی کە کەسی کوردی لە تاراوگە رووبەڕوویان دەبێتەوە، وەک نەگونجانی کولتوور و کۆمەڵایەتی و زۆر شتی تریش، لەم سۆنگەیەوە هونەرمەند وەک کەسێکی ئەو کایە ویستبووی گوزارشت لەو حاڵەتانە بکات کە تووشی مرۆڤی غەریب دەبێت لەو وڵاتەدا، ئەمە جگە لە پەنابردن بۆ هەندێ ئاماژەی تایبەتی بۆ گوزارشتکردن لەو حاڵەتە.

لە فۆڵدەری پێشانگەکەشدا کامەران رەزای هونەرمەند پەیڤێکی بۆ ئەم ئەزموونەی هونەرمەند نووسیوە و لە بەشێکیدا هاتووە دەڵێت (هونەرمەند مەبەستیەتی لە رێگای هونەرەکەیەوە پەیامێکمان پێبگەیەنێت و پێمان بڵێت لە غوربەتا ژیان سەختە و هونەر تینووی غوربەت دەشکێنێ، مەریوانی هونەرمەندیش لەنێو ئەم حەشاماتەی دەیەوێت لە رێگای هێڵ و پانتایی و کارە مۆتیفیەکانیەوە ئەوەمان پێراگەیەنێت کە ژیان پێویستی بە بەرەنگاربوونەوەیەکی بەردەوامە)

مەریوان ئەبوزێد لە شارۆچکەی مەخموور لەدایک بووە.

* ساڵی (١٩٩٩) بەشی پەیکەرسازی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی تەواوکردووە.
* ساڵی (١٩٩٤) پێشانگەیەکی تایبەتی لە هەولێر کردۆتەوە.
* ساڵی (١٩٩٧) بەشداری پێشانگەی هاوبەشی گەلەری زامۆای کردووە لە سلێمانی.
* ساڵی (٢٠٠٣) پێشانگەیەکی تایبەتی لە مانچستەر کردۆتەوە.
* ساڵی (٢٠٠٤) پێشانگەیەکی تایبەتی لە زانکۆی (بێرمینگهام) کردۆتەوە.
* ئێستاش قوتابی ئەکادیمی (Nottingham) لە (Mans tehd) لە بەشی شێوەکاری.

**سەرخێڵ عەلی**
**(سلێمانی)**

## شانۆگەری «ماشێنی مەرگ» لە هەڵەبجەی شەهید

ڕەنگە کارەساتی هەڵەبجە زۆر لەوە گەورەتر بێت بە یادکردنەوەیەک، یان بە بەرهەمێکی هونەری گوزارشتی لێ بکرێت، چونکە ئەم کارەساتە هێندە گەورەبوو هەستی مرۆڤایەتی لە سەرتاسەری جیهاندا هەژاند و ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعسیشی خستە ژێر پرسیارەوە، بەڵام ئەوەی مایەی هەڵوێستە لە سەر کردن و جێگەی داخە تا هەنووکە هونەرمەندانی کورد نەیانتوانیوە بەرهەمێکی وا پێشکەش کەن هێندەی گەورەیی ئەو کارەساتە بێت، هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ کەمتەرخەمی هونەرمەندان و لاوازی یادەوەری تاکی ئێمە دەگەڕێتەوە، کە ڕەنکە ئەم کارەساتە بە سەر میللەتێکی تردا بهاتایە شتی زۆر لەمە گەورەتریان بۆ بکردایە.

بە هەر حاڵ وەک نەریتێکی ساڵانە، هەموو ساڵێک لە ڕۆژی (٣/١٦) فیستیڤاڵ و یادی ئەو کارەساتە شوومە دەکرێتەوە، ئەم ساڵیش وەک هەموو ساڵێک لەم یادەدا کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی و هونەری پێشکەش کران، لە نێویاندا بەرهەمێکی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوو، ئەم بەرهەمەش شانۆیی «ماشێنی مەرگ» بوو، «ماشێنی مەرگ» چامە شیعرێکی شاعیر (سەڵاحە ڕەش) بوو کە تایبەتە بەم کارەساتە و دیوی ناوەوەی نەهامەتییەکانی هەڵەبجەیە، پاشتریش ئەم چامەیە لە لایەن شانۆکار «مۆفەق عارف لهۆنی»یەوە کراوەتە بەرهەمێکی شانۆیی و کاری دەرهێنانی بۆ کراوە، لەم نمایشەدا کۆمەڵێک قوتابی بەشی شانۆ لە هەموو قۆناغەکان ڕۆڵی کارەکتەرەکانیان بەرجەستە دەکرد.

شوێنی نواندنیش بە شێوەیەکی گەڕۆک و بە گەڕەکە سەرەکییەکانی هەڵەبجەدا دەگەڕان و لە هەر کووچە و کۆڵانێک دیمەنێکیان پێشکەش دەکرد و گریان و ماتەمی خەڵکی و بینەرانی دڵشکاو ببووە ڕیتمێکی حەزینی ئەم نمایشە کە خۆی لە خۆیدا هەوڵێکی ناباو بوو بۆ گوزارشتکردن لەم کارەساتە و ئاستی نواندن تا ڕادەیەک لە زۆرێک لەو شانۆگەرییانەی تر باشتر بوون کە لەو کارەسات و یادەدا پێشکەش کران، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ ئاستی خوێندەواری ئەو قوتابییانەی شانۆ بگەڕێتەوە کە خۆیان بە شێوازێکی ئەکادیمی سەرقاڵی ئەزموون و خوێندنی شانۆن.

**هەرێز ئازاد**
**(سلێمانی)**

## شانۆگەرییەکی گەڕۆک لە هەورامان

گرووپێک شانۆکار کە هەموویان دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانن ماوەی دوو مانگە سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنن بۆ نمایشی شانۆگەری (پێکەوە دەژین) ئەم شانۆییە بەهاوبەشی هەردوو هونەرمەند (سەفین ئەنوەر و کامەران سوبحان) نووسیویانە و کاری دەرهێنانیان بۆ کردووە و هەریەکە لە هونەرمەندان (ئاشنا ڕەئوف و نیشتیمان عەبدوڵڵا و زانیار فەتاح و جەمال ئەحمەد)یش ڕۆڵی تێدا دەبینن و کارەکەش بەرهەمی ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت (c d o) بە هاوکاری ڕێکخراوی (n p a) بودجەی بۆ دابینکراوە.

ئەم شانۆییە گەڕۆکە یەکەم نمایشی لە گوندی (ئاوایی ڕۆستەم بەگ)ەوە دەستی پێکرد کە ڕۆژی (٢٠٠٥/٣/١٧) دواتر لە هەریەک لە خورماڵ و هەڵەبجەی شەهید و گوندەکانی (زەردەهاڵ و باخەکۆن و ئەحمەد ئاوا و چەند شوێنێکی تر بەردەوام سەرقاڵی نمایشکردنە و بڕیارە تا کۆتای مانگی نیسان بەردەوام بێت لە نمایشکردن.

بیرۆکەی گشتی نمایشەکە بریتییە لە تۆخکردنەوەی هەستی ئینسانی لای مرۆڤەکانی ئەو ناوچانە و ناساندنی مافەکانی مرۆڤ پێیان لە ڕێگەی نمایشەوە و بەشداریکردنی ئەوانیش وەک کارەکتەرێکی چالاک لە ڕووداوی نمایشکردنەکەدا، مەبەستی سەرەکیش لە هەڵبژاردنی ئەم شوێنانە بۆ نمایشکردن ڕەنگە پەیوەستبێت بەو باگراوەندە سیاسییەی کە ئەم ناوچانە هەیانبوە کە ماوەکی زۆر لەژێر دەسەڵاتێکی ڕەشی دیکتاتۆری ئەنساردا کە هیچ کەس نەیتوانیوە گوزارشت لە ئینسانی بوونی خۆی بکات، لەم ڕێگەوەش جگە لە وەزیفە ئینسانیەکەش وەزیفەیەکی ئیستاتیکی و هونەرییە بۆ ئەم ناوچانە کە ماوەی دە ساڵە هیچ جۆرە چالاکییەکی هونەرییان تێدا ئەنجام نەدراوە و ئەمەش بوو بە هۆکارێکی بەهێز بۆ بەگەڕخستنی ئەو چالاکییە هونەرییانەی کە ماوەیەکە لەم ناوچانە مەحروومن.

ئەوەی ماوە بڵێین ئەو شوێنانەی کە ئەم نمایشانەی تێدا کراوە بینەر بەگوڕ و تینێکی زۆرەوە بەشدارییان لە بینینی نمایشەکاندا دەکرد و زۆر جاریش لە شوێنێکدا بەهۆی زۆری بینەرەوە نمایشەکان دووبارە دەبوونەوە، ئەم نمایشە یەکەم نمایشی لەو جۆرەیە کە لەدوای ئازادی ناوچەکەوە بەو شێوەیە ساز بکرێت.

**کارزان ڕۆستەم**
**(سلێمانی)**




## شانۆیی شانۆ لە سلێمانی

لە چوارچێوەی ئەو بەرهەم و کارە هونەرییانەی بۆ ڕۆژی شانۆی جیهانی لە سلێمانی سازکران لە ڕۆژی (٣/٢٧ تا ٣/٣٠) لە هۆڵی شانۆیی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی شانۆگەری (شانۆ) نمایش کرا، ئەم شانۆگەرییە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند (سەردار مەحموود) و نواندنی کۆمەڵێک لە قوتابیانی بەشی شانۆ بوو، بیرۆکەی شانۆگەرییەکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆمەڵێک قوتابی شانۆکار یان چەند هونەرمەندێک دەیانەوێت بەرهەمێکی شانۆیی پێشکەش کەن، لەم ساتەوە دەرهێنەر دەگەڕێت بەدوی ئەو چرکەساتە پەنهانەی کە بونیادی ئەو نمایشەی لێدروست دەبێت و دواتر لە پشتی ئەوەوە دەیەوێت گوتاری خۆی ئاراستەی بینەر بکات.

لە ڕووی فۆرمی کارکردنیشەوە بیرۆکەی سەرەکی ئەم شانۆگەرییە لەو ساتەوە دروست دەبێت کە گرووپێکی شانۆیی دەیانەوێت نمایشێک ئامادە بکەن، بەڵام دنیایەک گفت دێتە ڕێگەیان بۆ ئەو نمایشە لەوانە ڕێکنەکەوتنیان لەسەر دابەشکردنی ڕۆڵی کارەکتەرەکان و چۆنیەتی نواندنی سیماکانی ئەو شانۆگەرییە، لێرەوە دەرهێنەری نێو نمایشەکە کە شانۆیەکە لەناو شانۆدا تووشی بەدگومانییەکی گەورە دەبێت هەرگیز جورئەتی ئەوە ناکات بڵێت بە ئەکتەرەکان با نمایش بکەین.

ڕەنگە دیارترین شێوازی شانۆیی شانۆ جگە لەو کارکردنەی شکسپیر لە دەقی (هاملێت)دا ئەزموونی ڕاهێنانەکانی دەرهێنەری جیهانی (ستانسلافسکی)مان بیربخاتەوە کە چۆن مەشق و ڕاهێنانی بە ئەکتەرەکانی دەکرد بۆ ئەوەی لای بە شێوازێکی پراکتیکی لەو وانەیە فێربن کە ئەکتەری سەرکەوتوو دەبێت هەیبێت بۆ ئەم حاڵەتەش دەرهێنەر زۆر هەوڵی دۆزینەوەی ئەو فۆرمەی داوە.

سەبارەت بە نواندنیش دیارترین ڕەگەزی ئەم نمایشە بوو کە دەرهێنەر هەوڵی دابوو سادەییەکی وای پێببەخشێت کە لەگەڵ ڕیتمی گشتی نمایشەکەدا ئاوێزان بێت.

**هەرێز حەسەن**
**(سلێمانی)**

---

## کۆمەڵێک لە شاکارەکانی «تارکۆفسکی» لە سلێمانی نمایش کرا

لە وەرزێکی نوێی چالاکییەکانی گەلەری (ئارام) کۆمەڵێک لە شاکارەکانی دەرهێنەری سینەمایی بەناوبانگ (تارکۆفسکی) نمایش کرا.

ئەم وەرزە نوێیەی گەلەری ئارام بە هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەرە لە سلێمانی، ڕەنگە بۆ بینەری ئێمە بەتایبەتی ئەوانەی تازە سەرقاڵی بینینی فیلمە جیهانییەکان بن ئەمە شتێکی زۆر تازە و نوێ بێت، نەک هەر ئەمەش، بەڵکو بینینی کۆمەڵێک شاکاری دەرهێنەرێکی جیهانی هەروا کارێکی سانا نەبێت هەوڵی زۆری بوێت، بەڵام ئەم هەوڵەش بە توانا و لێهاتوویی وێنەگر و هونەرمەندی سینەمایی «کامەران شەوقی» بێت کە ماوەیەک لە ڕووسیا هونەری سینەمای خوێندووە و پاشتر لە سوید ژیاوە و وەک کەسێکی موتابیعی بەردەوامی ئەم بوارە توانیویەتی ئەم شاکارانە بگەیەنێتە بینەری کوردی.

پرۆگرامی نمایشکردنی فیلمەکانیش بەم شێوەیە دەستی پێکرد:

ڕۆژی هەینی (٣/١٨) یەکەم فیلمی «تارکۆفسکی» نمایش کرا کە فیلمی «سۆلاری» بوو، دوای بینینی

فیلمەکە و نمایشکردنی لەلایەن «کامەران شەوقی» و چەند هونەرمەند و بینەرێکی ترەوە گفتوگۆ و دیالۆگێکی بەرفراوان لە سەر هەموو ئاستەکانی فیلمەکە کرا.

ڕۆژی هەینی (٣/٢٥) فیلمی «ئاوێنە» نمایش کرا و بە هەمان شێوە دوای بینینی فیلمەکە دەرگای گفتوگۆ و قسەکردن کرایەوە و هەر بینەرێک بە پێی ئاست و هۆشیاری و ڕادەی تێگەیشتنی خۆی لە فیلمەکە لەبارەیەوە دوا.

سێیەم فیلم لە سێیەم هەفتەدا کە ڕێکەوتی (٤/١) فیلمی «ستالکەر» بوو ئەمیش یەکێکە لەو شاکارانەی کە «تارکۆفسکی» کە دەتوانین بڵێین زۆرترین شتی لە دنیای سینەما و ڕەخنەی هونەری لە سەر نووسراوە.

چوارەم فیلم لە چوارەم هەفتەدا کە ڕێکەوتی (٤/٨) فیلمی «نۆستەلگی» بوو.

پێنجەم فیلم و دوا فیلمی ئەم کەڵە دەرهێنەرە ڕۆژی (٤/١٥) نمایش کرا، فیلمی «قوربانی» بوو.

بەم جۆرە پرۆگرامی نمایش کردنی فیلمەکانی دەرهێنەری جیهانی «تارکۆفسکی» لە گەلەری ئارام کۆتایی هات.

**نیشتمان ڕەزا**
**(سلێمانی)**

## پێشانگەیەکی گرافیکی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی

لە سەرەتای مانگی ئاداردا چوار قوتابی بەشی گرافیک لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بۆ ماوەی هەفتەیەک لە گەلەری پەیمانگە پێشانگەیەکی هاوبەشیان کردەوە، ئەوەی لەم پێشانگەیەدا مایەی هەڵوێستە لەسەر کردنە ئەو مەنهەجیەت و ڕێکخستنەیە لە کاری ئەم چوار قوتابییە کە بریتی بوون لە: «مەریوان سدیق، هاوسەر سەفەر، هێرۆ جەلال، ئالان ئەحمەد» و هەر چواریان قوتابی بەشی گرافیک بوون و ئەم پێشانگەیە لە ژێر چاودێری مامۆستای وانەی پراکتیکیان هونەرمەند «ئەڵوەند جەلال» ڕێکخرا بوو، ئەم هەوڵەی ئەم کۆمەڵە قوتابییە ڕاستە هەوڵێکی سەرەتاییە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێتە دەروازەیەکی گرنگ بۆ ئەو قوتابییانەی هونەر کە لە داهاتوودا دەبنە هونەرمەندی دوارۆژ و لە کارەکانیشیاندا ئەو جورئەت و وردەکارییە دەبینرا کە بنەمای سەرەکی هەموو کارێکی گرافیکییە، قەبارە و فۆرمی تابلۆکان لای هەر یەکەیان بە شێواز و تایبەتمەندیی خۆیەوە بوو، بە شێوازێک بینەر لە یەکەمین بینیندا هەستی بەو جیاوازییە دەکرد. لەم پێشانگەیەدا ئەم چوار قوتابییە (٥٠) تابلۆی گرافیکیان نمایش کردبوو، کە زۆرێک لە تابلۆکان پۆرترێت و ئەزموونی دارشتن و کاری سەربەستی ئەو چوار قوتابییە هونەرمەندە بوو کە هیوای ئایندەیەکی گەشیان لێ دەکرێت.

لە دەلیلی پێشانگەکەدا مامۆستا ئەڵوەند جەلال پەیڤێکی بۆ نووسیون تێیدا دەڵێت: «بینین گەورەترین سەرچاوەی کارە هونەرییەکانمانە، بەر لە هەموو شتێک ڕوانین بۆ دیدێکی گوزارشت لێکراو دەبێتە گەورەترین دەربڕین لە چوارچێوەی هونەریدا کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەزموون و هەست و نەستی کەسێتییەوە هەیە.. لێرەدا هونەری زانستی دەبێتە بناغەی نێو هەموو کارە هونەرییەکانمان».

**لوقمان ئەحمەد**
**(سلێمانی)**

## ڕەخنەی ڕەخنەگران

لێکۆڵینەوە لە بارەی سنوور و بەهای ڕەخنەوە بەشێوەیەکی سرووشتی ڕەخنە لە ڕەخنەگرانیش لە خۆ دەگرێ و هەڵبەتە کاتێک «ڕەخنەی ڕەخنە» لە سنووری ڕاستەقینەی ڕەخنە دەکۆڵێتەوە، ئیدی ئەو سکاڵانامانەی هاوشێوەی ئەوەی کە مارسل پانیۆل (١٨٩٥-١٩٧٤)ی نووسەر و سینەماکاری فەرەنسی لە (ڕەخنەی ڕەخنەگران)دا نووسیویەتی جگە لە خستنەڕووی لایەنی کورت و لاوازی هەندێک ڕەخنەگری سەرکێش و

نابەرپرس شتێکی تر نیشان نادا. هەروەها کاتێکیش کە ژان پۆل سارتر لە کتێبی «ئەدەب چییە؟»دا ڕەخنەگران بە پاسەوانی گۆڕستان دەچوێنێ و دەڵێت ئەمانە جگە لە دۆسیە هەڵگیراوەکان و ئەو دەعوایانەی کە کۆتاییان هاتووە حەز بەشتێکی تر ناکەن، ڕەخنە ڕەت ناکاتەوە و مەبەستی لە ڕەخنەی ڕەخنەگرانە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕەخنەدا کە هەندێ کات کەموکورتی ڕەخنەگران دەخاتە خانەی ڕەخنەوە، لە مێژووی ئەدەبدا ڕابردوویەکی کۆنی هەیە و ڕووداوەکەی سید کۆرنی لەگەڵ ڕیشلیۆ و چیرۆکەکەی موتەنەبی لەگەڵ (صاحب بن عیباد) چەند بەڵگەیەکن کە نیشانی دەدەن چۆن ڕەنگە لادانی ڕەخنەگر، زیان بە کەسایەتی و متمانەی ڕەخنەییش بگەیەنێ. مارسل پانیۆل لە «ڕەخنەی ڕەخنەگران»دا ئاماژە بەوە دەکات کە هەر کاتێک بەرهەمێکی بەرچاو لەلایەن خەڵکەوە بێ بەش دەبێ، ڕەخنەگرانی وەچەی پاشتر گوناهەکەی دەخەنە ئەستۆی خەڵکی ئەو سەردەمە لە کاتێکدا کە گوناهی ڕاستەقینە لە ئەستۆی ڕەخنەگرانی ئەو سەردەمەیە کە لە بری ڕێنمایی و ئاراستەکردنی خەڵکی سەردەمەکە، بە ئەنقەست بێ دەنگییان نواندووە. لە ڕاستیدا ئەگەر شاعیرێکی وەکو مەنوچەهری دامغانی لەو سکاڵانامەیەی کە لە ئێرەبییکەرێکی خۆیەوە بە دەستی دەگات و بە ڕێگری سەرکەوتنی خۆی دەزانێت (هەرچەندە بە سووکایەتیشەوە باسی ئەوی کردبوو) بە دڵنیاییەوە بە ڕەخنەگرێکی دادەنێت کە بەدوای کەموکورتییەکاندا دەگەڕێت و ئەگەر ئەفسانە سازان ویستوویانە (بە هاندانی «عونسوری» و «فەرەوخی») لە دەرباری مەحموود) پەسندی شانامە لە بەین بەرن، نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان بەباشی لە ڕۆڵی ڕەخنەگری مەبەستدار گەیشتوون. نەک وەک ئەوەی کە داستانی «سوور و ڕەش»ی بەرهەمی بەناوبانگی ستاندال (١٧٨٣- ١٨٤٢) کە لەکاتی بلاوکردنەوەدا بەهاکەی بەدەر نەکەوت، یان ئۆپەرێتی «کارمەن»ی بەرهەمی بیزە (١٨٣٨- ١٨٧٥) هەر لە یەکەمین شەوی نمایش کردنیدا تووشی شکستێکی چاوەڕوان نەکراو هات، ڕەخنەگرانی سەردەم بەرپرسیار بن و هەروەک مارسل پانیۆل دەڵێت ناتوانین یەخەی ئەم سەوداگەری خەڵکی لیۆن و ئەو پیشەکاری شاری پاریس بگرین کە بۆچی بەهای ئەم بەرهەمانەیان لەبەرچاو نەگرتووە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە ڕەخنە ناتەواوانە ڕەنگە بەلای کەمەوە لەلای هەندێک لە نووسەرانی بەرهەمەکان ببێتە مایەی نائومێدی و ساردبوونەوە و لەوانەیە هەندێکیان واز لە ئافراندن و داهێنانی بەرهەمەکان بهێنن. لە ڕاستیدا ئەم کارتێکردنە نەشیاوە، زیانێکە کە ڕەخنەگر بەدنیای داهێنانی دەگەیەنێت و بەشێکی زۆری داهێنەرانی هەستیار دەشکێنێتەوەو دووریان دەخاتەوە لە مەیدانەکە.

دەقی شانۆنامەی «فدر»ی بەرهەمی ڕاسین (١٦٣٩- ١٦٩٩) و ئەوەی کە شاعیرێک بەناوی پرادۆن (١٦٤٤- ١٦٩٨) لە بەرامبەریدا دەیخستەڕوو لایەنی زیانبەخشی ئەم شکانەوەیەی داهێنەرانی ڕاستەقینە دەخاتە ڕوو. کاتێک کە تێکدەران پرادۆنیان لە بەرامبەر ڕاسین ڕاست کردەوە و بە هاتوهاوار و بەدکاری، کارە کەم بەهاکەی ئەویان بە باشتر لە بەرهەمە بەرزەکەی ڕاسین نیشان دا.

ڕاسین بە دڵشکاوی مەیدانەکەی بەجێهێشت و ڕووی کردە گۆشەگیری و بۆ ماوەی دوازدە ساڵ بێدەنگ بوو، دەستی نەدایە داهێنانی بەرهەمێکی نوێ. ڕاستە کە پاش ئەوە بە هاندانی هەندێک لە هونەردۆستان دڵخۆش بوو و، تەنانەت بەرهەمێکی وەکو «ئاتالی»ی نووسی کە لە ڕووی گرنگی و تەواویەوە، تەواوکەری (فدر) بوو بەڵام هاتو هاواری ڕەخنەگران ئەم کاریگەرییە خراپەی هەبوو کە ماوەی دوازدە ساڵ لە تەمەنی شاعیرێکی گەورە بەفیڕۆ بدا و ڕایبگرێت لە داهێنانی بەرهەمی بە نرخ. دروستە لە وەها حاڵەتێکدا زەوقی گشتی بەرە بەرە هەڵسەنگاندنە نادروستەکانی ڕەخنەگران ڕاست دەکاتەوە، بەڵام کاریگەری ڕۆحی ئەو زیانەی کە ڕەخنەی ناڕەوا بە ئەفرێنەرانی ئەم بەرهەمانەی دەگەیەنێت تا ساڵانێکی زۆر لە یادیان ناچێت. ڕەنگە چیرۆکی ژۆل لومتری (١٨٥٣- ١٩١٤) ڕەخنەگری ناوداری فەرەنسی لەگەڵ ژۆرژ ئونە (١٨٤٨- ١٩١٨)ی نووسەری چیرۆکی بەناوبانگی «وەستای کوورەکان» بەڵگەیەکی پەندئامێز بێت لەم بارەیەوە. ڕەخنەی ڕووخێنەر و تا ڕادەیەک بەدکارانە کە ژۆل لومتر ئاراستەی ئەم بەرهەمە سەرکەوتووەی کرد، بەبێ ئەوەی کە ڕێگر بێت لەبەردەم ناوبانگ و پەسندکردنی لە ڕادەبەدەری، نووسەرەکەی زۆر ساردکردەوە و وای لێکرد تاوەکو لەو بەرهەمانەی کە لەوەو دوا دەیانووسیێت، زۆر ڕاڕا و ورد بێت کە ئەمەش وای کرد بەرهەمەکانی وشک و بێ گیان بن. پاشتر هەروەک چۆن پانیۆل باسی دەکات ژۆل لومتر داوای لێبووردنی لەو نووسەرە کرد، بەڵام بەو ڕەخنە ناڕەوایەی کە ئاراستەی کردبوو، لە ڕاستیدا زیانێکی بەرچاوی بە ڕێز و بەهای خودی ڕەخنەش گەیاند. ڕاستە کە ڕەخنەگرانی پاش ئەویش هەمان کاریان دووبارە کردووەتەوە بەرامبەر بە ئێدمۆند ڕۆستان (١٨٦٩- ١٩١٨) و هانری بوردۆ (١٨٧٠- ١٩٦٣) و ژۆرژ سیمۆن و هێندەش زیانیان بە ڕێز و پەسندی ڕەخنە گەیاندووە و ڕەخنەگرانیشی خستووەتە بەردەم گلەیی و سووکایەتی. بێگومان ئەوەی کە ئەم جۆرە ڕەخنەگرانە دەخاتە بەردەم سەرزەنشت کردنی ڕەوا ئەوەیە کە خۆیان نابەستنەوە بە سنوور و کارەکانی ڕەخنەوە. تا ئاستێکی نابەرپرسانە بەشێوازی بەجێهێشتنی کاریگەری کار دەکەن و هەندێک کات شێوازی ڕاڤەکردنەکانی خۆیان تا

ئاستی پشکنەرێکی بیروباوەڕەکان دێننە خوارەوە. هەڵبەتە ڕەخنەگرێک کە کارەکەی خۆی بەجدی وەردەگرێت و ئاگایانە ڕەچاوی سنوور و بەهاکانی دەکا، دەزانێت کە لە هەموو کاتێکدا بەرپرسە بەرامبەر بەوەی کە دەینووسێت، چونکە لە هەموو کاتێکدا، تەنانەت ئەگەر توانای هەڵسەنگاندن و بوونی پێوەرە پەسەندەکانیشی نەبێت، هێشتا مەحاڵە لە دەربڕینی خۆیدا، یان لە بێ دەنگی خۆیدا جۆرێک هەڵسەنگاندن هەبێت بەرامبەر بە ئەو بەرهەمەی کە لەبەر دەستیدایە. لەو کاتەدا ناچارە وەکو هەموو قازیەک هەست بە بەرپرسیاری بکات و هەوڵ دەدات تا کارێک بکات (هەرچەندە هەندێک کات نائومێدانەیە) بۆ بێ لایەن بوونی و هەر ئەم خاڵە جیاوازی دەکات لەنێوان ڕەخنەگر و ئەو کەسانەی کە کاری ڕەخنە بەجدی وەرناگرن، یان هەمیشە سنوورەکانی دەبەزێنن. تەنیا لە ڕێگەی ئەم جۆرە ڕەخنەگرەوەیە کە ڕەخنە سەرەڕای ئەو ڕقەی کە داهێنەران هەیانە بەرامبەری و لەگەڵ ئەو بایەخ نەدانەی کە خوێنەرانی بەرهەمی ئەدەبی دەینوێنن لە ڕوویدا، ڕۆڵێکی کەم تا زۆر بەرچاوی هەیە لە چاکسازی و پێشکەوتنی ئەدەبی ئەفرێنراو، لە ڕاستیدا «هۆکاری بوون»یشی هەر ئەمەیە.

**و/ لە فارسییەوە: مەحبووبە محەمەد**

**سەرچاوە:**

نقد ادبی- عبد الحسين زرين كوب.

## تۆ بڵێی سوریالیزم شەپۆلێکی نوێ بژیێنێتەوە؟

کەمێک دوای مردنی ئەندرێ بریتۆن لە ساڵی (١٩٦٦)، مارسێل دوکمپ وتی: بریتۆن یەکێک بوو لە شەیدایانی عیشق لە دنیایەکدا کە ڕووی لە بێ بەندوباری کردبوو. بیست و پێنج ساڵ دوای ئەم وتەیە، سوریالیزم- ئەو بزاڤەی کە بریتۆن لە سەرەتای ساڵانی بیستەکان لە هێنانە ئارایدا لە فەرەنسا، بەشدارییەکی بەرچاوی هەبوو، هەروەها خۆیشی شاهانە ڕێبەرایەتی دەکرد- جارێکی دیکە نرخ و بەها پەیدا دەکاتەوە و لە پڕ ناوبانگ دەردەکاتەوە.

زۆری بەسەرداتێنەپەڕیبوو کە سوریالیزم لە شوێنێکدا وەلانرابوو، مۆدێرنیستەکان، بابەتەکانی دژی فۆرمالیستیان بە بزاڤێکی بێ سوود دەزانی، چونکە بێ یاسایی و بێ بەندوباری و بێ سەروبەری لە بەکارهێنانی زاراوەی بیانی لە ناو بەرهەمی سوریالیستەکان شەپۆلیان دەدا. نووسینە ڕیزپەڕو لادەر و بێ جێ و ڕێیەکانی سلڤادۆر دالی (بەناوبانگترین بەرگریکار، بانگەشە کارو جلەوگری ئەم بزاڤە!) تەنیا بەو چەمکەی سوریالیزم گەیشت کە بێ بایەخ و بازاڕیانە بیخاتە بەرچاو. گێرمەو کێشەو بانگەشە لە ڕادە بەدەرو شێوازەلێکچووەکانی بازاڕ پەیداکردنیش، سیمایەک بوون لە تایبەتمەندییە دروستەکانی ئەم بزاڤە، کەچی سوریالیزم، بەتایبەتی بریتۆنی ڕێبەرە بەتواناو داناکەی، جارێکی دی لە هەموو شوێنێک و بەشێوەیەکی جددی دەخرێنە ڕوو و پێشوازییان لێ دەکرێت. بنکەی جۆرج پۆمپیدۆ لە پاریس، پێشانگایەکی شکۆدار و تەکاندەر و لە هەمان کاتدا مایە پووچ و بێ ئەنجامی لەژێر ناونیشانی «ئەندرێ بریتۆن، جوانی سەرلێشێواو» سازکرد کە لە کۆتاییەکانی مانگی ئابی/ ١٩٩٢ کۆتایی هات. ئەم پێشانگایە بە تێکڕایی و سەرلەبەری سەدان بابەتی نائاسایی و بێ وێنەی لەخۆگرتبوو کە بریتۆن بەکۆکردنەوەیان لەنێو ماڵە تازەکەی خۆی لە پاریس، جۆرە تابلۆیەکی سوریالیستی لێ دروست کردبوون. پێشانگای ناوبراو، هەڵکۆڵینی داری ئەفریقیا و ماسکەکانی ئەسیکۆییەکان و شتگەلی دیکە کە خۆی لە خۆیدا بەجۆرە هونەرێکی شێوەکاری دەژمێردراو پەیکەرو هێڵکارییەکانی پیکانیا، دوشریکۆ، ئەرنست و... نزیکەی تەواوی گەورە کەسانی سوریالیزمی لەخۆ دەگرت.

هەر لەگەڵ ئەم بەرهەمانەدا چەندان وێنە، نووسین، نامە و کاری هونەری دیکە کە لە دوو توێی کەتەلۆکێکی قەبارە (٥١٢) لاپەڕەیی خرابوونە ڕوو.

وێڕای ئەمە چەند ژوورێکیش بە بەرهەمی هونەری ئەو سوریالیستانە پڕ کرابووەوە کە لە وەچەی دووەم و سێیەم بوون و ببوونە مایەی بەدناوکردنی ئەم قوتابخانەیە. هەروەها بەرهەمی ئەو کەسانەش خرابوونە ڕوو کە بەدیاری بۆ بریتۆنیان هەناردبوو- گومانی تێدا نییە هیچ کەسێک لەوان داوای دیاری هەناردنیان نەکردبوو- هەڵسووڕاندنی ئەم پێشانگایە بەرفراوانە، زۆر سوودی لە دەست و پەنجە بەتواناو چوست و چالاکەکان وەرگرتبوو، بەڵام هەروەکو پێشتر، هۆش و فیراسەتی بریتۆن، زانیاری و دەرککردنی بەرفراوانی ئەویش، سەلیقە و زەوقی لە ڕادەبەدەری ئەویش لە دەسترەنگینی و ڕازاندنەوە و چنینی بەرهەمەکان لەبەرچاوی هەمووان بە ئاشکرا دەدرەوشایەوە. مۆزەخانەی هونەرە هاوچەرخەکانی نیویۆرک لە ڕۆژی سێ شەممە (١٩٩٢/٨/٢٧) لە میانەی پێشانگایەکی پەیوەست بە هێڵکارییە سوریالیستیەکان، بەرهەمی (٧٥) کەسی خستبووە ڕوو، ئەم پێشانگایە بەرهەمە تەعبیریە دامالڕاوەکانی هونەرمەندانی پولوک و ڕوتکو لە تەک بەرهەمە سوریالیستیەکان خستبووە ڕوو و جەختی لەسەر ئەم خاڵە دەکردەوە کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، هونەر لە ئەمریکا، بەشێوەیەکی بەرچاو و شیاو و سەرنجڕاکێش، قەرزباری سوریالیزمە. ئەو تابلۆ

هێڵکارییەی کە بیکاسۆ بۆ سەر بەرگی یەک لە ژمارەکانی گۆڤاری میناتو (گۆڤاری سوریالیستی)ی کێشابووی، لەگەڵ ئەو بەرهەمە درەوشاوەیەی (میرۆ) کە لە مۆزەخانەکەدا نمایش کرابوو، خۆی لە خۆیدا گۆشەیەک لەم گەنجینە بەهادارە بوون. ئەمەش نەک تەنیا بۆ بەرزڕاگرتنی (دادایزم) وەک سەرچاوەی سوریالیزم، بەڵکو پیشاندەری ڕۆڵی ئۆتۆماتیزم و بیومورفیزم و بۆچوونی خەونئامێز لە بەرهەمەکانی سوریالیستەکان بوو.

پیشانگای ناوبراو بەهیچ شێوەیەک تەنیا پروپاگەندەو بانگەشەی سەرلەنوێ چاوپێداگێڕانەوەی قوتابخانەی سوریالیزم نەبوو.

لە کۆتاییدا لەم بوارەوە،کتێبێکی زۆر لە فەرەنسا بڵاوکرایەوە و دووبارەو چەند بارە چاپ کرانەوە، لەوانە زیاترینیان بەرهەمەکانی ئەندرێ بریتۆن بوون، کە دەکرێ ئاماژە بە کتێبی (هونەری سەرسوڕهێنەر) و نامە نائاساییەکانی ئەو بکەین کە مێژووی هونەریش دەگرێتەوە.

بڵاوبوونەوەی چاپی دووەمی کتێبی (ئافرەتانی هونەرمەند و بزاڤی سوریالیزم) نووسراوی پڕ لە کێشە و سەربەگۆبەندی (ڤیتنی چادڤیکنز) هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە وتارێک و چەند تیورێکی چاکخوازیگەرانە بەناوی (سوریالیزم و ئافرەتان) لە ڕۆژنامەی (میت) کە زۆربەیان شیاوی تێگەیشتن نەبوون، ئەوانیش لە میانەی ئەو بەرهەمانەدا بوون.

یەکێک لە ئاڵۆزترین و بەرچاوترین ئەو کتێبانەی کە بەم دواییە لەم بوارەوە بڵاوکراوەتەوە، کتێبی (پاریس و سوریالیستەکان)ەکە بەرهەمی (جۆرج میلی)یە و بە وێنە ڕەش و سپییەکانی (میشل ڤود) ڕازاندراوەتەوە کە لە شوێنانی ئەوتۆدا گیراون کە وەک ئیلهامگەی سوریالیستەکان خۆیان دەنوێنن، لەوانە وێنەی: بورجی سەن ژاک- کە بریتۆن بە گەورەترین باڵاخانەی مێژوویی جیهانی دەزانێت بۆ خۆ شاردنەوە تیای- هەروەها لایەنی درەوشاوەی دیکەی ئەم شارە کە کاریگەرییەکی زۆرو شیاوی لە بەرەو پێشبردنی سوریالیزمدا هەبووە، ناوەرۆکی بەرهەمەکەی (میلی) کە خۆی «جازلێدەری ئینگلیزی، دەقنووسی فیلم، ڕەخنەگری ڕۆژنامەوانی، بیۆگرافنووس، قوتابی هەمیشەیی و بەردەوامی قوتابخانەی سوریالیزم و هاوڕێ و هاوکاری زۆر لە گەورە کەسانی ئەم بزاڤەیە» خۆی لە خۆیدا لە بواری تێکەڵاوکردنی یادەوەری و خەیاڵ، شیکردنەوەی ئەدەبی و مێژوویی و دەنگ و ئاوازی بێ ڕتووش و بێ زۆر لەخۆ کردنی، جۆرێکن لە بەرهەمی سوریالیستی.

بەشێکی بەرفراوانی کتێبەکەی جۆرج میلی، تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە (ناجا) و (عیشقی شێتانە)ی بەرهەمی بریتۆن و (ڕەعیەتی پاریس)ی لویس ئاراگۆن. ئەم بەشە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کتێبەکە، شایانی تێرامانێکی ئەفسووناوی و شیعر ئامێزانەیە و لەو ڕۆڵە گرنگەیە کە دڵنیامان دەکاتەوە کە شاری پاریس وەک سەنتەرێکی ڕاپەڕاندنی ئەم بوارە گێڕاویەتی.

بە بۆچوونی (میلی)، ئاراگۆنی سوریالیست، واتە ئەو نووسەرەی کە دەتوانێت بەرهەمی ئەوتۆی سەرنجڕاکێش و بزوێنەر دابهێنێت کە شیاوی ئەوەیە تا لەو ڕێبازە ستالینیزمییە ڕزگاری بێت کە لە سەری بوو، هەروەها میلی زیاتر لە سەری دەڕوات و دەڵێ: هیچ شتێک ناتوانێت شکۆداری نووسینی (ڕەعیەتی پاریس) لەناو ببات، ئەگەرچی بریتۆن دژی ئەم گەورە بەرهەمە سوریالیستییە نارەزایی دەربڕی، بەڵام وەکو شاکارێکی ئەدەبی هەمیشە دەمینێتەوە.

لە هەمان کاتدا لەناو یادەوەرییەکانی سلفادۆر دالی-ش کاتێ لەگەڵ بریتۆن و سەرگەردانییەکانی تێک دەگیرێن بەدرێژایی ئەو چوار دەیەی کە لە پاریس خەریکی کارکردن بووە، دیسان چەند مەسەلەیەک دێتە گۆڕێ و ئەو دەڵێ: وازەن نەکەیت کە من شرۆڤەی ئەم پێک گەیشتنە بە پێک گەیشتنی کچۆلەیەکی قوتابخانە بچوێنێت کە بە ئەستێرەی ئارەزووی خۆی دەگات و قسەی نهێنی و سەرسامی خۆی و چێژو خۆشییەکانی خۆی لەگەڵ ئەودا وەسف دەکات، بەڵکو ئەمە بەتەواوی هەمان ئەو شتانەیە کە لەو سەردەمیدا هەستم پێ دەکرد. من لەگەڵ زۆر کەسدا هاموشۆو سەردانم هەبووە کە بەردەوام ستایشیان دەکەم، بەڵام تەنیا بریتۆن بوو کە منی شەیدای خۆی دەکرد.

لە ساڵی (١٩٥٢)دا هەروەکو (میلی) جەخت دەکاتەوە، سوریالیزم بەشێوەیەکی بەرفراوان خۆی سەلماندبوو، ئەمەش تارادەیەک بەهۆی ئەو ڕێزداری و پیرۆزییەوە بوو کە تا ئەو سەردەمی لە کەرستە و کەلوپەلە بەهادارەکانی مۆزەخانەکان بۆ سوریالیزم بەشێوەیەکی سەرەکی (وەک دەڵێن- دابونەریت شکاندن) بەشیاو دەزانراو لە لایەکی دیکەوە، توانایی هێنانە ئارای شۆکێک (صدمة) بێت کە بەهۆیەوە پاشماوەی جەنگ لاواز ببوو، جارێکی دیکە لە ڕێگەی نووسەرانی سوریالییەوە هەناسەی وەبەر بێتەوە. وا پێدەچێت سەرلەنوێ چاو پێداگێڕانەوەی سوریالیزم ئەمڕۆ ئارەزوومەندی زیاتری هونەرمەندانی هاوچەرخ سەبارەت بەو ڕێبازە، بچووکترین تەگەرەو کۆسپ لەبەردەم هەڵومەرجەکانی مێژووی نەهێنێتە ئاراوە. ئەوەی کە مۆدێرنیستەکان بەوردی لە بارەی ئەم بزاڤەوە پەسندیان نەدەکرد. سوریالیستەکانیش بە هەمان شێوە پۆست مۆدێرنیستەکانیان پەسەند نەدەکرد. (فرە کولتووری) لە تێڕوانینی بریتۆندا سەبارەت بە هونەر، بەشێوەیەکی بەرفراوان لە پێشانگای پاریس خۆی سەلماندبوو، ڕێژەگەرایی و هەڵقوزتنەوەگەرایی کە شوێن پێی زنجیرە ڕێچکەیەکی هونەری وێنە کێشراون کە شێوازی سەرەتایی سوریالیزم بوون، جارێکی دیکە لە دنیای هونەردا پێشکەوتن وەدەست دێنێتەوە، ڕەنگە سوریالیزم بەر لە مەرگی بریتۆن بە (٢٥) ساڵ مردبێت، بەڵام بابەت و پرسیارگەلی ئەوتۆی خستۆتە ڕوو کە تا ئەمڕۆش بەتەواوی لەبیرنەکراون.

**مایکل کیمل من**
**و/ لە فارسییەوە: کەریم سۆفی**

**سەرچاوە:**

گۆڤاری آینه اندیشه، سال دوم، شماره (١١)، مردادماه ١٣٧١، ص٥٦-٥٧، وەرگێڕانی بۆ فارسی: سەعید ئەلیاسی بروجنی.

### ڕوانینێک لە مێژووی ناودارانی کورد:

# عەزیز خان سەرداری گشتی
# (١٧٨٧ - ١٨٦٧)

عەزیز خانی سەردار ناسراو بە عەزیز خانی موکری، کوڕی محەمەد سوڵتانی موکری یەکێک لە کەسایەتییە سیاسییە بەناوبانگەکانی دەورەی پاشاکانی قاجار و زاوای میرزا تەقی خانی ئەمیری کەبیری سەدری ئەعزەمی ناو بە دەرەوەی ناسرەدین شا بووە.

عەزیز خان لە ساڵی (١٧٨٧) لە سەردەشت هاتۆتە دنیا و لە پاش ئەوەی پێی دەنێتە تافی لاوی، لەگەڵ فەرەج خانی براگەورەیدا ڕوو لە شاری تەوریز دەکات و پاش ماوەیەک فەرەج خان دەچێتە بەر دلۆڤانی خوای مەزنەوە.

عەزیز خان بەهۆی خوێندەواری و دەستخەتێکی جوانی کە هەیبوو لەگەڵ هێندێ لە گەورە پیاوانی دەرباری محەمەد پاشای قاجاردا پێوەندی دەگرێ و بە یارمەتی ئەوان و بەیاوەری (نەقیب) لە فەوجی شەشی تەوریز دەچێتە ئیشوکاری سەربازییەوە. لەشکرکێشییەکەی محەمەد پاشا بۆ سەر شاری هەراتی ئەفغانستان بە پلەی سەرهەنگ (ڕائید) فەوجی شەشی تەوریز دیاری دەکرێت و دەبێتە یەکێک لە سەرانی سوپاو فەوجەکەیەوە دەچێت بۆ گەمارۆدانی هەرات. لە پاشان شازادە بەهرام میرزا عەزیز خان ڕەوانەی تاران دەکات و لەوێ لە دامودەزگای ئەمیری کەبیردا پلەی بەرپرسی هەموو سکرتێرەکانی سوپای پێدەبەخشرێت. لە ساڵی (١٨٤٦)دا فەرماندەی لەناوبردنی سەربزێوی «بابی»یەکانی پێدەدرێت لە شاری زەنجان و دەچێتە سەر ئەم فرقەیە و سەرکوتیان دەکات.

عەزیز خان بەهۆی لێوەشاوەیی لە بە ئەنجام گەیاندنی پێسپێردراوییەکانی وەک نوێنەری ئێران بۆ چاوپێکەوتنی ئەلیکساندەر نیکۆلاڤیچ وەلیمەهلری ڕووسیای قەیسەری دەچێتە شاری یەریڤان و لە ساڵی (١٨٤٩)دا پلەی سەرداری گشتی پێدەدرێت و دەکرێتە بەرپرسی قوتابخانەی «دارالفنون»(١)ی تاران و لە ساڵی (١٨٥٠)دا نێوان دوو ئیمپراتۆرییەتی ڕووس و عوسمانلی تێکدەچێت و لەنێوانیاندا جەنگ دێتە ئاراوە.

ناسرەدینشا عەزیز خان بە چل هەزار سوارە نیزامەوە دەنێرێتە سنوورەکانی. ئازربایجانی ڕۆژئاوا و میرزا محەمەد خانی قاجاری دەوەللووباشی بەسی هەزارکەسەوە مەئمووری سنوورەکانی کرماشان دەبێت.

میرزا ئاقاخانی نووری کە مرۆڤێکی چەپەڵ و نەفس نزم و خەیانەتکار دەبێ و بەو هەموو سەرکەوتنانەی عەزیزخان ئێرەیی دەبات بەلای ناسرەدنیشاوە شۆفاری و دوو زمانی لە عەزیز خان دەکات تا وای لێدێت شا بەنیسبەت عەزیز خانەوە مەبەستی خەراپ دەبێت و بەفەرمانی شا عەزیز خان لەسەر وەزیفەکەی لادەبردرێت و ئەمری پێدەکرێ بچێتەوە بۆ سەردەشت، بەڵام ئاقاخانی چڵکاوخۆر لەوێش دەستبەرداری نابێت و شادنەدەدات، بەڵام لە ساڵی (١٨٥٥)دا ناسرەدنیشا ڕاستییەکانی بۆ دەردەکەوێت و عەزیز خان بانگهێشی تاران دەکاتەوە و ساڵی (١٨٥٦) دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران و لەپاش ئەوە وەک یاریدەدەری بارام میرزا دەبێتە والی ئازربایجان و دەنێردرێتە شاری تەبریز، بەڵام بۆ جارێکی دیکە عەزیز خان بەهۆی شەیتانی و شۆفاری نەیارانییەوە لە ساڵی (١٨٦٥)دا دوور دەخرێتەوە بۆ سوڵتان ئابادی شاری ئەراک و هەموو ماڵ و سامانەکەی لە سابلاغ و سەردەشت زەوت دەکرێت، ناسرەدنیشا لە ساڵی (١٨٦٦)دا دیسانەوە بەنامەیەک عەزیز خان بانگهێشتی تاران دەکاتەوە و ئەمر دەکات ڕێزی لێ بگیرێ و ماڵ و سامانەکەی بدرێتەوە.

سەردێری نامەی ناسرەدنیشا بەزمانی فارسی بە چەشنی خوارێ دەست پێدەکات:

**«عزیزا بیاتا عزیزت کنم**
**عزیزان ایران کنیزت کنم!»**

واتا: عەزیزم وەرە تاکو عەزیزت کەم، عەزیزانی ئێران بکەم بە کەنیزت،... بەم هۆیەوە عەزیز خانی موکری بۆ جارێکی دی دەبێتە بەرپرسی فەوجی چوارەمی تەبریز و حکومەتی ویلایەتی مازندەرانی پێدەسپێردرێت و لەدواییدا حکومەتی موکریانی دەدرێتی.

بەرە بەرە عەزیز خان تەمەنی دەگاتە سنووری (٨٠) ساڵی و پر دەبێت و لەلایەکی دیکەشەوە وەلیعەهد دەگاتە تەمەنی لاوی و دەوروبەرەکەی کاری تێدەکەن و بەدژی عەزیز خان هانی دەدەن، عەزیز خانیش پۆست و مەقامی حکومەتی وەلا دەنێت تا ئاخرەکەی لەساڵی (١٨٦٧)دا دەچێتە بەر دلۆڤانی خودا و لە شاری تەوریز لە گۆڕستانی ئیمامزادە هەمزە دەنێژرێت.

دەگێڕنەوە کاتێکی جەلالدی دەرباری ناسرەدنیشا ویستبووی لە سەری میرزا تەقی خانی ئەمیری کەبیر(٢)بدا، گوتبووی: «بچۆ بە شا بڵێ ئەوکاتەی لەسەریم دا (دارالفنون)م بونیات نا...» هەروەها گوتبووی: «ئێستا کە دەتانهەوێت لە بەینم بەرن گەورە پیاوێک لەنێو ئێوەدا هەیە زۆر لێوە شاوە و بلیمەتە ئاگاتان لێی بێت، (مەبەستی عەزیز خان بوو).

عەزیز خانی سەردار زۆر ئیشوکاری ئاوەدانی و بیناسازی لە تاران و تەوریز و موکریاندا ئەنجام داون لە بەشێکیان تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ماون.

**لەسەردەشت**

دروستکردنی پردێک لەسەر زێی بچووک (کەلۆێ)- کاروانسەرایەک لە شوێنێک بەناوی دۆڵی کورتەک لەسەر ڕێگای کاروانی سەردەشت بۆ مەهاباد. دروستکردنی حەمامێک و مزگەوتێک بەناوی مزگەوتی سوور (بەخشتی سوور دروست کرابوو). حەمامەکەی وەقفی مزگەوتەکە کرد بوو ئێستاش ماوە. دروستکردنی حەمامێک و مزگەوتێک لە گوندی نستان لە ناوچەی ڕەبەتی سەردەشت، بەڵام نەماون. لە بۆکان لەسەر حەوزە گەورەی بۆکان بینایەیەک بەناوی سەردار.

**پەراوێزەکان:**

١- بەپێی هێندێ سەرچاوەی مێژوویی میرزا تەقی خانی ئەمیری کەبیر کوڕی کەربەلایی قوربان کورد بووە و خەڵکی کرماشان بووە بەهۆی لێهاتووییەوە بۆتە سەدری ئەعزەم (سەرۆکی وەزیران)ی ناسرەدینشای قاجار، بەڵام بەهۆی شۆفاری نەحەزان لەبەرچاوی شای دەخەن و شا دووری دەخاتەوە بۆ شاری کاشان و لەپاشان جەلالدی تایبەتی خۆی (شا) دەچێ و لە حەمامێک بەناوی «فین» لە ملی دەدا و دەیکوژێت. قوتابخانەی «دارالفنون» لە تاران بەچاولێکەری بە چەشنێکی ئەورووپایی بە ئەمری میرزا تەقی خان دروست کراوە.

٢- لە بارەی عەزیز خانی سەرداریش، ناسرەدینشا هەر ئەو بڕیارەی کە بۆ کوشتنی ئەمیری کەبیری دابوو، بۆ ئەویشی دابوو، بەڵام عەزیز خان بە زیرەکی خۆی پیلانەکەی پووچەڵ کردەوە.

**ئا: حەمە ڕەسووڵ حەسەنپوور**
**(سەردەشت)**

**سەرچاوە:**

١- سەردەشت لە ئاوێنەی بەڵگە مێژووییەکاندا (فریدون حیکم زادە).
٢- گۆڤاری مەهاباد ژمارە(١)، لاپەڕە (٥٢-٥٣).